# نامە ئەکادیمییەکان .. چەمکی "مرۆڤایەتی" لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو و ئەحمەد شاملو-دا

**04-01-2019**

هەرێم عوسمان



توێژینەوەکە جەخت لەسەر هاوبەشیی هزری و وێنەی شیعری لای هەردوو شاعیر (پەشێو و شاملو) دەکات

**ئەحمەد شاملو نیشانەکردن عەبدوڵڵا پەشێو**

ئەم ناونیشانەی سەرەوە، ناونیشانی نامەیەکی دکتۆرایە کە (عەدنان عەبدولڕەحمان) بە سەرپەرشتیی (پ. ی. د.فازڵ مەجید) لە ساڵی 2013 پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە. نامەکە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری پراکتیکییە و پشت بە قوتابخانەی ئەمریکی دەبەستێ. توێژینەوەکە جەخت لەسەر هاوبەشیی هزری و وێنەی شیعری لای هەردوو شاعیر (پەشێو و شاملو) دەکات نەک کاریگەرییان لەسەر یەکتر.

**ئەم نامەیە لە سێ بەش پێکهاتووە:**

بەشی یەکەم لە دوو پار پێکهاتووە و ئاوڕ لە چەمکی هیومانیزم و مێژوو و بنەماکانی دراوەتەوە.

هیومانیزم وەک فەلسەفەیەک کە مرۆڤ بە پێوەر دەگرێت و سروشت و سنوور و پەیوەستییە سروشتییەکانی مرۆڤ دەکاتە بابەتی هزریی خۆی و وەک ژێرخانی سەردەمی ڕێنیسانس بینراوە.

لەبەرئەوە هیومانیزم و مرۆڤسالاری مرۆڤ وەک ناوەند و ڕەسەن لە هەر سیستمێکی فەلسەفی، سیاسی، ئابووری و

ڕەوشتی داناوە، لە هەندێک بیرکردنەوەی توندڕۆیانەشدا مرۆڤ هاوشێوەی خودا وەک سەرداری سروشت و جیهان بینراوە و ململانێ لەسەر لەپێشترداناني (خوا یان مرۆڤ) بووە وەک بابەتی بیرلێکردنەوە لە پاش سەدەکانی ناوەڕاست، لە ئاکامی زوڵمی کەنیسە لە بیرکردنەوە و کردەکانی مرۆڤ. لە ڕووی مێژووییشەوە هیومانیزم بۆ یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە کە خواکانیان شێوەی مرۆڤی هەبووە و لەشی مرۆڤ گرنگترین بابەتی هونەری و پەیکەرتاشین بووە. لە سەردەمی ڕێنیسانسدا بزووتنەوەیەک بە ناوی هیومانیزم سەری هەڵدا کە خۆشبەختیی مرۆڤی لە گەڕانەوە بۆ ڕۆژگاری دێرین و سەردەمی هاوەڵگەرایی دەبینییەوە، پێیانوابوو باپەندبوون بە دین و کەنیسە ئازادیی مرۆڤ دەخاتە مەترسییەوە کە لە ڕۆژگاری کۆندا هەبووە، بەڵام لە ژێر سایەی مەسیحییەتدا لەناوچووە. ئەم بزووتنەوەیە بە توندی دژی ئەو ئایدیایانەش وەستایەوە کە دینی نەبوون، بەڵام نزیک بوون لە بیروباوەڕی دینییەوە، لێرەشەوە نزیکبوونەوە لە شتە بینراوەکان و چێژی جەستەیی و جوانی و شیعر بایەخی پەیداکرد. دواتر توێژەر تێڕوانینی فەیلەسوفان (دیکارت، سپینۆزا، کانت..) بۆ هیومانیزم باس دەکات و لەپاری دووەمدا بنەماکانی مرۆڤایەتی شی دەکاتەوە کە خۆی لە ئازادی و ویستی مرۆڤ و مرۆڤپێوەری و عەقڵگەرایی دەبینێتەوە، دواتریش باسی ڕەنگدانەوەی بیری هیومانیزم لە قوتابخانە فەلسەفییە جیاوازەکانی وەک .کۆمۆنیزم، پراگماتیزم، ئێگستانسیالیزم دەکات

بەشی دووەم لە سێ پار پێکهاتووە، پاری یەکەم بەشێوەیەکی پراکتیکی چەمکی مرۆڤایەتی لە شیعری کوردی و فارسیدا شی کردووەتەوە. لەسەرەتادا باسی (ئازادیی نیشتمان) دەکات کە نموونەی لە شیعری کوردی و فارسی هێناوەتەوە، هەروەها باسی دۆخی مرۆڤ دەکات لە جەنگ و ئاوارەییدا کە لە شیعری کوردیدا نموونەگەلی زۆرمان هەیە. هاوکات باسی دۆخ و پێگەی ژنی کردووە کە شاعیرانی کورد و فارس هانی ژنیان داوە ئازادبن و بخوێنن و بەشداری بکەن. هەر لەم پارەدا تێڕوانینی ڕەخنەگرانە و یاخیگەرانەی شاعیرانی کورد لە کولتوور و دیاردە نامرۆڤانەکان خراوەتەڕوو. پاری دووەم تێڕوانینی پەشێوی بۆ شیعر و مرۆڤدۆستی خستووەتەڕوو کە شیعرەکانی زادەی ئازادی، نیشتمان و مرۆڤدۆستین، بۆ نموونە لە :یەکێک لە شیعرە کۆنەکانیدا سەبارەت بە سەربەخۆیی و نیشتماندۆستی دەڵێت

دۆستەکانم باش بزانن
دوژمنانم باش بزانن
چەند باوەڕم بە زەردەشت و
بە ئاڤێستا و بە خوا هەیە
هەزار هێندەش باوەڕم بە هەڵکردنی ئاڵا هەیە

توێژەر پێیوایە زمانی شیعریی پەشێو سروشتی نەتەوەی کورد نیشاندەدات، چونکە سادە و ڕەوان و شیعرین و شێوازی :ناوچە جیاوازەکانیشی تێکەڵ کردووە. هاوکات تێڕوانینی پەشێو بۆ شیعر کە بوون و ژیان و شیلەی دڵ و دەروونیەتی

هۆنراوەم شیلەی دڵ و دەروونمە
...ئاوێنەی ژین و بوون و نەبوونمە

توێژەر پێیوایە شیعرەکانی پەشێو بەرلەوەی تایبەت بن بە نیشتمان و نەتەوەی کورد، تایبەتن بە خودی مرۆڤ، واتە مرۆڤدۆستی بەر لە شیعری نەتەوەیی ئامادەیی هەیە. سەبارەت بە شاملوش توێژەر پێیوایە لە پاش نیما، دووەم وێستگەی گۆڕانکارییە لە شیعری فارسیدا کە توانی لە کێش یاخی بێت و شیعرەکانی بێ نێوانگر و ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکیدا بدوێت. شاملو کە شاعیرێکی پڕ بەرهەمە، توانیویەتی لە ئەدەبیاتی فارسیدا دەنگێکی ڕەسەن بێت و کاریگەری لەسەر شاعیرانی پاش خۆی دابنێ. شاملو پێیوایە شیعر دەبێت شەرم نەکات و خۆی لە پشتی شاعیرەوە نەشارێتەوە و لەگەڵ سروشت و ژیان ئاوێتەبێت. سەبارەت بە ناوەڕۆکی شیعرەکانی، توێژەر دەنووسێ: "شیعرەکانی بریتیە لە مرۆڤدۆستی، هەست بزواندن، سیاسەت، پەیامداری، حەماسی و شیعری عاشقانە و لە هەموو ئەو ناوەڕۆکانە گرنگتر نارەزایی دەربڕینە" لەبەرئەوەی شاملو پێیوایە هونەر دەبێت بۆ مرۆڤ بێت، لێرەشەوە ناوەڕۆکی شیعرەکانی لە بایەخدان :بۆ یەکسانی و دادپەروەری ڕەنگدەدەنەوە

لێوان لێو لە نەفرەت
ئێمە نووسیمان و گریاین
ئێمە بە پێکەنینەوە سەمامان کرد
ئێمە بە هاوارەوە گیانمان فیداکرد

هیچ کەس ئاوڕی لێنەداینەوە
لەولایەوە پیاوێکیان لە سێدارە دا
هیچ کەس بە هەندی وەرنەگرت

لە بەشی سێیەمدا بەراوردی شیعری هەردوو شاعیر لەسەر بنەمای چەمکی مرۆڤایەتی لە سیانزە باسی جیاوازدا کراوە، ئەوانیش: (ژن، خۆشەویستی، ژیان، ئازادی، بەرژەوەندیخوازی، خەبات و بەرگری، جەنگ و ئاوارەیی، رەخنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، تێڕوانینی ڕەخنەگرانەی شاعیر بۆ مرۆڤ، هەستی شاعیر بۆ مرۆڤی شۆڕشگێڕ و حەسرەتی شاعیر بۆ سەربەستیی مرۆڤ).

توێژەر پێیوایە گوتاری شیعریی پەشێو بۆ ژن مرۆڤدۆستانەیە و وێنەی واقیعی نەک ناواقیعیی ژن دەکێشێت و ئازادی بە ژن دەدات. هەرچی شاملوە بەپێچەوانەی نەریتی ئێرانی کە ژن بە کەم دەگرێ، ئەم ڕێزو بەهایەکی بەرزی دەداتێ و دڵی ژن گەورەتر لە هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان دەبینێ و پێیوایە ژن پەروەردەکەری پیاوانن و ڕۆحی ژیانن، هاوکات سەرچاوەی عیشقێکی جوانن و هاوڕۆحی پیاوانن:

من لەناو ژنان هیچ شتێک نادۆزمەوە
ئەگەر ئەو هاوڕۆحەی خۆم رۆژێک نەدۆزمەوە لەپڕ دەکوژێمەوە

توێژەر پێیوایە چەمکی ئازادیش بۆ هەردوو شاعیر بنەماییەو مانادەبەخشێتە ژیان و ژیانی مرۆڤ لە پووچی رزگار دەکات، لای پەشێو ئازادی پەیوەستە بە ماناکانی سەربەخۆیی و بە نیشتمانیشەوە.

لای شاملو ئازادی بە مرۆڤدۆستییەوە گرێ دەدرێت، کاتێک لە شیعری (چیافت)دا باسی کوشتنی ماناکانی ئازادی دەکات و دیمەنی خیانەت لە شێوەی ژەهرخواردکردنی میوان لەسەر سفرەی خاوەن ماڵ نیشاندەدات، لەبەرئەوەی دەنگی میوان دەنگێک بوو نەیدەویست بێدەنگ بێت. دواتر توێژەر لە پاری دووەمی تەوەرە تایبەتەکاندا، رەخنەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی پەشێو باس دەکات کە بەگشتی ئاراستە جیاواز و بیرو گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، بۆ نموونە رەخنەی چەپەکان دەکات کە بە دروشمبازی و بێ کردەوە ژیانی خەڵکی چاک نابێت، یان رەخنەی سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی زلهێزەکان دەکات کە فریوی کوردستان دەدەن. هەرچی شاملوشە کە رەخنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی فراوانی هەیە، پێیوایە لەسایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆردا بێدەنگیی شار وەک گۆڕستانی لێدێت، بەڵام مرۆڤە ئازادەکان هەمیشە دەنگ بڵندو خەبەرکەرەوەن، شاملو یەکێک بووە لەوانەی رقی لە حزبی توودە بووە و رەخنەی لێگرتوون. شاملو رەخنە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ژیانی خەڵکە هەژارەکەش دەگرێت و بە دەرئەنجامێکی سیاسەتی نادادپەروەرانەی دادەنێت و قسەی بریقوباقی سەروەرییەکانی وڵات بە بێمانا دەداتە قەڵەم:

شەوانە
بەهاوارێکی رووشێنەر
لەسەربانی تاریکییەکی نەخۆشەوە
منالێک
اللهاکبر دەڵێت
لەشفرۆشێکی برسی
دەگری
داوێن پیسێک
پیرۆزیی بەندە ئازاکان
باس دەکات

**خاڵێکی دیکەی رەخنەی هەردوو شاعیر لە وڵاتانی جیهان و کوێربوونیانە بە بینینی دنیا وەک کانگای سەروەت و نەوت، ئیدی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تەنیا وشەی بێ ناوەڕۆکن، بۆ نموونە پەشێو دەڵێ:**

جیهانی ئازاد
هێندە گوێ هەڵخا

بۆ زەمزەمەی نەوت لە جەرگەی خاکا،
کەڕ و کوورِ بووە،
!هەست بە سووتانی لوتکەی کێو ناکا

**شاملوش ڕەخنەی مرۆڤی هاوچەرخ دەکات کە لەناو خەونی لەدەستچوو، ژیانی دووبارە گیری خواردووە و ڕێگای :ڕزگاریی ون کردووە**

مرۆڤەکان و بۆگەنی دونیاکەیان
یەکپارچە دۆزەخێکە لە کتێبێکدا
کە من ئەوەم وشە بە وشە لەبەر کردووە
تاکو نهێنی بەرزی گۆشەگیری بدۆزمەوە

خاڵێکی دیکەی ڕەخنەی شاملو بابەتی دین و مەزهەبە کە مرۆڤە سادەکانی پێ فریو دەدرێت و دەچەوسێنرێنەوە و ژیانی مرۆڤ یەکرەنگ دەکات. لەپاڵ ئەم ڕەخنانەشدا هەردوو شاعیر ستایشی مرۆڤە شۆڕشگێڕەکان دەکەن کە بە دەنگی بڵند جیهان بەئاگادێنن، بەشێکی ئەو وزە شۆڕشگێڕانەیەش لە هونەرمەندانداا دەبیننەوە. لە کۆتاییشدا توێژەر بە دوانزە خاڵ ئەنجامی نامەکەی دەخاتەڕوو کە چەمکی ژن و عەشق و ئازادی سیانەی بنەماییِن، هاوکات هەردوو شاعیر جەخت .لەسەر چینی بەشخوراو و زەحمەتکێش دەکەنەوە و لەپاڵیشیدا شیعرەکانیان لێوانلێوە لە ئومێد و هاندان و خەبات



هەرێم عوسمان، مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

https://www.rudaw.net/sorani/opinion/culture_and_literature/04012019